# بـــــۆچـــــی جیـــــایی دیـــــن لەدەوڵـــــــــــەت ؟

**ناسك ئەحمەد**

کردنی دین و ئایدیۆلۆژیای دینی, یان هەر ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوی تر, تەنانەت مارکسیزمیش کە ئێمەی کۆمۆنیستەکان پێمان وایە ئایدلۆژیایەکی ئینسانیە , بە بناغەی دارشتنی قانوونەکانی هەر وولاتێك ، یەعنی پاوانکردنی کۆمەڵگا و سنووردارکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵك بۆ ئەو ئایدۆلۆژیا دیاریکراوە ، بەم پێیە لەدەرەوەی ئەو قانوونانەوە هەموو شتێك بەزاندنی هێلی سوورەو بە قەدەغە بە حساب دێت .

کۆمەڵگەی ئەوروپی دوو سەدە لەمەوبەر و لەدوای شۆرشی گەورەی فەرەنساوە, دین (کە پایەیەکی بناغەیی دەسەلآتەکانی پێش سەرمایەداری بوون و کارەساتی گەورەیان بە هەقی ئینسانیەت ئەنجامدا) خستە قەفەزەوەو لەسەر ژیانی سیاسی و قانوونی کۆمەڵگە دووری خستەوەو سپاردی بە کاری تایبەتی ئینسانەکان. هۆیەکی گەورەی پێشکەوتنی کۆمەڵگای ئەوروپی, لەفەرهەنگی ئینسانیەوە تا تەکنۆلۆجیا وزانست وئینسانیەت و ئابووری بەهێز و داهێنان لە تەواوی مەیدانەکانی ژیاندا بۆ ئێرە دەگەرێتەوە.

بەداخەوە سەرمایەداری تاوەکو ئێستا ئەم کارەی لەوولآتانی شەرق کە ئیسلام سەدان ساڵە پایەی قانوونەکانەو کۆمەڵگەی پاوانکردووە, نەك هەر ئەنجام نەداوە, بەڵکو بەهۆی گەندەڵ بوونی نیزامی سەرمایەداری ئەم سەردەمەوە , ئێستا ئیتر ئەو فرسەتە لە دەست سەرمایەداریدا نییە. بە پێچەوانەی سەدەکانی پێشووەوە سەرمایەداریی ئەمرۆ بەرژەوەندی لە مانەوەی ئەم جەهالەتەو دەست پێوە گرتنیدایە, ئەم کارە ئیتر کەوتۆتە سەر شانی چینی کرێکارو کۆمۆنیزمەکەی.

جیایی دین لەدەوڵەت بۆ ئیمە وەستانەوە و رووبەروبوونەوەیە بەرامبەر هەلومەرجیکی تاریك و ترسناك کە لەزۆر بەشی ئەمرۆی دنیادا بۆ ئینسانەکان لە ئارادایە، ئەویش دەخالەت کردنی دین وبیروباوەرە دینیەکانە لە نێو دەوڵەت و یاسا و خوێندن وپەروەردەدا. ئەمرۆ دینی ئیسلام  تەنیا کۆمەلێك بیروباوەری نێو مێشکی ئینسانەکان نیە, کە رەنگە کەسێك قبوولی بکات یان نەیکات, باوەری پێی بێت یان نەیبێت , ئەوە ئلستێکە کە ئێمە دەمانەوێ بە جیایی دین لە دەوڵەت، دینی ئیسلامی پێ بگەیەنین.

ئیسلام ئەمرۆ چەکێکە ، ئامرازێکە، چوارچێوەیەکە، بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی دیاریکراو کە ئیسلامی سیاسیە بۆ دەسەڵات وەرگرتن، بۆ کێشمەکێشیکی خوێناوی لەگەڵ بزووتنەوە سیاسی وحکوماتە جۆراوجۆرەکان لەشەری پچرینی دەسەڵاتی سیاسیدا کەلەم کیشمەکیشەدا ژیان ومافەکانی ئینسان قوربانیە،  بۆ سایەکردنی هەژمونی خۆی بەسەر کۆمەڵگا و ژیانی ئینسانەکاندا.

ئیسلام دەڵێ: پیاوان لەسەروو ژنانەوەن، ژن مەحرەمەی پیاوە ، ژن سەرچاوەی فسادە، بۆیە ژن دەبێ لەچاوی کۆمەلگە بشاردریتەوە وئەگەر بەناچاری دەرکەوت دەبێ لەژێر چادر وحیجابدا خۆی حەشار بدات. ژن لەزمنی ماڵ ومولکی پیاودایە هەروەها منداڵانیش ، ئەم ملك ومالە تەنها پیاو حەقی تەسەرف کردنی پێوە هەیە. تیرۆری نەفسی تالێدان تا کوشتنی ژن بۆ پیاو رێگەپێدراوە . پیاو رێگەی پێدراوە لەیەك کاتدا لەگەڵ چوار ژن زەواج بکات، واتە ژیان و سیکس و هەست و...چوار ژن مولکداری بکات. سەفەر و هاتووچۆ تەنانەت نانخواردنی ژن لەدەست پیاوو بە ئەمرو حەزی پیاوە....وەختیك ئەم چوارچیوەیە ، ئەم بیروباوەرە لە کۆمەڵگەدا دەبێت بە قانوون و دەستوری دەوڵەت بەپێیّ ئەم باوەرە دائەرێژری، ئیتر ئەم بیرباوەرە ئەچێتە خانەی ئەوەی کە دادگا و پاسەوان وقامچی دەستبەکارین بۆ جێبەجێکردنی و وادارکردنی ئینسانەکان بە پابەندبوون پێوەی. لەو وولآتانەدا کە ئەم حوکمە لەسەر کارە، رۆژانە ژنان و کیژۆلەی هەشت نۆ ساڵە رووبەروی کوشتن و لێدان شەلاقکاری و بەردەبارانکردن و زیندانی وبرینی ئەندامەکانی لەشیان ئەبنەوە لەسەر بەریوەبردنی ئەم حوکمە ناکۆك بەئینسان وبەربەریە.

جیایی دین لەدەوڵەت پاراستنی کۆمەڵکە و ئینسانەکانە بەشیوەیەکی قانوونی لەم چارەنووسە، پاریزگاریکردنە لە ئینسان لەبەرامبەر ئایۆلۆژیایەکی دیاریکراودا کە مایەی کۆیلایەتی وسەرکوت وبەندکردنی ئینسانە. جیایی دین لە دەوڵەت هێنانە ئاراوەی فەزایەکی سالم وگونجاو وبەرابەرە بۆ ژیانکردنی ئینسانەکان بۆ تێکۆشانی

ئینسانەکان لە بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی تەواودا، پارستنی منداڵانە لە تێکدانی ژیانیان بەبیروباوەری مەزهەبی، ودیفاع کردنە لەمافەکانیان، وریگەندانە بە مەزهەب کە ژیانیان نابووت بکات و بەشیوەیەکی سالمی جسمی ورۆحی پەروەردەبکرێن.
جیایی دین لەدەوڵەت, پاراستنی کۆمەڵگەو مافەکانی خەڵکە لە توندو تیژی, لە نایەکسانی . بوارکردنەوەیە بۆ لابردنی قوورسایی دین و خورافەو لەسەر ژیان و بیرکردنەوەی ئینسانەکان , لابردنی کۆسپی گەورەیە لەبەردەم مومارەسەکردنی ئازادی بیرڕاو ئەندێشەو قەڵەم , لابردنی کۆسپە لەبەردەم داهێنان و پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی ئازادانەی ئینسانەکان , پاراستنی کۆمەڵگەیە لە نەگەڕانەوەی بۆ دواوەو. هەڵبەتە هەر کەسێک ئازادە بڕوای بە دواکەوتووترین و تەنانەت دژی ئینسانی ترین بیروڕا هەبێت و بەئاشکرا ڕایبگەیەنێت و ڕیکلامی بۆ بکات. بەڵام هەڕەشەکردن لە کۆمەڵگاو هاندان بۆ توندو تیژی , جبەخانە بەیەکەوە نان , سەپاندنی ئەو بیروڕایە بەسەر ئینسانەکاندا, قەدەغەیە. بەکورتی جیایی دین لە دەوڵەت , لێدانی پشتێنەیەکی پارێزگاریە لە مافەکانی ئینسانەکان.

2005/3/3